# ئەم شەو من و باو سێبەر

بەشی (4)

larzobaker@hotmail.com
لارزۆ بەکر 1997...تاد

ئـەم شــەو ...
حـەزێـکی نەناسـراو
بەنەهێنی لە دەرگا ژەنگ گرتوەکەی( سێبەر)دەدا
وەک ئەم ئێوارانەی بەنەهێنی لە نەهێنیەکانی خۆی دەدوا
وەک ئەم ئێوارانەی لەگەڵ حەزە ســـــــاواکان
بــست بــست باڵای پێهەڵدەچنی ...
ئـای ، چ سەردەمێکی بەسەر چووە
نیشتیمانێک خۆی تاڵان دەکا
مۆمێک خۆی دەکوژێنێتەوە
ئستێرەیەک سەر هەڵدەگرێ و
(سێبەر) لە تـەنیایــی دەدوێ ،
ئــەم شــەو ...
پێتان وایە (سێبەر) وەک گوڵە شەوبۆ
لـەسـەر گۆری خۆی بڕوێ
ناگیانە.. وەک نان تیری دوای برژان هەڵدەوەرێ ،
ئـەم شـەو.. لەهەمو شەوێ یاخـی ترم
مێرگی حەزی (سێبەر)و( بـا) لەناخم دا بێدەنگ نابێ .،
ئـەم شـەو... (بـــــا) ئیشقە یان گرکانە
پێدەکەنێ و فرمێسک دەرژێ
تێناگەم بۆ دەبێ حەوا لە ئادەم بێ و ئادەم لە حەوا نەبێ
بۆدەبێ گوڵ لەگۆرستان ودرەخت لە شەقام و خەفەت لە دڵ بڕوێنین ،
هەموو شتێ لە سەرەتاوە دەست پێدەکا
مـن و ئـەوان و ئـێـوەش..........
دەست دەخینە یەخەی گومان و
گومان دەدەین لەیەخەمان
گومان ... هەی گومـــــــان ...
گومان لەمیلی کات ژمێری هاودەمم
چەقیوەتە نێو دەریای سپێدەو
بەشوێن گریانی سەرەتایی دا دەگەڕێ ،

(بـــا) ی هاودەنـــــــگم..
دوێنێ لەتاو بێنازی
هەرچی پەرتوکی  نوێ و کۆنی
هــەژاری و کۆڵنەدان
ئــاوارە بوون و بێکەسی
مـردن و ژیـن هەیە
وەک وێنەکانی منداڵی دانە دانە هەڵدایەوە .
ئەم شەو ... نـــــا یەک سەدەیە
مێژووە خرپنەکەم خستۆتە نێو ئەلبومی یاداشتەکانم
با ( بـــــا ) و ( سێبەر ) بیان دەنە دەست
منداڵێکی چەتون یان ڕیش سپیەک
یان ئەوەتا ئەم شەو ... هەناسەیەکی قەدەغەم
یان ئەوەتا ئەم شەو ... کوورخانێکی کژاوەم...

***